هەرێمی کوردستان- عێراق
ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی

Kurdistan Regional - IRAQ
Council of Ministers
Ministry of interior

إقليم كوردستان- العراق
مجلس الوزراء
وزارة الداخلية
المديرية العامة للديوان
مديرية الادارة

NO: ٩١٥ :ژمارە
DATE: ٢٠١٦/١/١٢ ڕێکەوت: / ٢٧ كوردی


# ڕێنمایی ژمارە ( ١ )ی ساڵی ٢٠١٦

## ڕێنمایی مامەڵەکردن بە هۆکانی گواستنەوەی دەست بەسەر داگیراو و جێهێڵدراو

بەپێ ی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە مادە ٣ برگە ١ لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠٠٩ و مادە٤ لە یاسای مامەڵە کردن لەگەڵ هۆکانی گواستنەوەی دەست بەسەرداگیراو و جێهێڵدراو (قانون التصرف فی المرکبات المحجوزة والمتروکة) ژمارە٨ی ساڵی ١٩٨٧ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:

### پێناسەکان

مادەی یەکەم :

١- **وەزارەت:** وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان

٢. **وەزیر:** وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان

٣- **بەڕێوەبەری گشتی:** بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی هاتووچۆی هەرێمی کوردستان.

٤. **بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆ:** بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان.

٥- **ئۆتۆمبێل:** گشت هۆیەکانی گواستنەوەی تایەدار بە بزوێنەری ئۆتۆماتیکی (ئۆتۆمبێلی تایبەت ، گشتی ، بارهەڵگر ، کرێ ، کشتوکاڵی ، بیناسازی)

٦- **ماتۆرسکیل:** ماتۆرسکیلی خاوەن دوو یان سێ تایە کە خاوەنی بزوێنەری پاڵنەرە کە نەخشەسازیەکەی ناچێتەوە سەر ئۆتۆمبێل بەمەرجێک هێزی بزوێنەرەکەی کەمترنەبێت لە ١٢٥ سی سی

مادەی دووەم:

مەبەست لە دەرکردنی ئەم ڕێنماییانە یەکلایی کردنەوەی ئەو ژمارە زۆرەی ئۆتۆمبێل و ماتۆرسکیلانەی کە دەستیان بەسەر داگیراوە و لە گۆڕەپانەکانی وەستانی ئۆتۆمبێل لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ ڕاگیراون و بەبێ خاوەن و بەراییەکانن کە بۆتەهۆکاری ئاڵۆزکردنی کاروبارکانی بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ.

**مادەی سێ یەم :**

**گشت ئەو ئۆتۆمبێل و ماتۆرسکیلە دەست بەسەر داگیراوەکان بە شێوەی زیادکردنی ئاشکرا دەفرۆشێت بە پێ ی یاسای جێبە جێ کردن (قانون التنفیذ) ژمارە ٤٠ی ساڵی ١٩٨٠ هەموارکراو.**

**مادەی چوارەم:**

یەکەم: دەبێت پێش بڕیاری فرۆشتن بە زیادکردنی ئاشکرا ئەم ڕێککارە یاساییانەی خوارەوە ئەنجام بدرێت:

١. ئۆتۆمبێل یان ماتۆرسکیلە دەست بەسەر داگیراوەکە خاوەنی دیاریکراوی نەبێت

٢. ماوەی یاسایی دەست بەسەرداگرتنی بەسەر چووبێت

٣. ئەگەر خاوەنەکەی شوێنی نیشتەجێبوون و کارکردن و ناونیشانی دیاریکراوی هەبێت بە فەرمی ئاگاداربکرێتەوە لەلایەن بنکەی پۆلیسی ناوچەکەی و وێنەی دووەمی پێراگەیاندنەکە بگەرێندرێتەوە بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ

٤. بڵاوکردنەوەی گشت خەسڵەتەکانی ئۆتۆمبێل یان مۆتۆرسکیلەکە (ژمارەی شانسی و جۆر و مۆدێل و رەنگ) لە دووڕۆژنامەی فەرمی بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەی خاوەنەکەی ئەگەر شوێنی نیشتەجێبوون و کارکردن و ناونیشانی دیاریکراوی نەبێت

دووەم:

ئەوڕێککارانەی برگەی یەکەمی سەرەوە دەبێت لەماوەی ٦ مانگ تێپەر نەکات

## ڕێککارەکانی زیادکردنی ئاشکرا

**مادەی پێنجەم:**

**گشت ئۆتۆمبێل و ماتۆرسکیلە دەست بەسەر داگیراوەکان لە رێگای زیادکردنی ئاشکرا دەفرۆشرێن بەم ڕێککارنەی خوارەوە:**

١.پێکهێنانی لێژنەیەک لە (٥) کەس کە (٣) ئەفسەری هاتووچۆ کەیەکێکیان هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێ لە یاسا نوێنەری وەزارەتی ناوخۆ و ب.گشتی هاتووچۆ کەئەرکیان چەسپاندنی خەسڵەتەکانی ئەو ئۆتۆمبێل وماتۆرسکیلە دەست بەسەرداگیراوانە دەبێت و هەوەها خەمڵاندنی نرخی فرۆشتن بۆهەریەکێکیان

٢.بڕیاری فرۆشتن بەشێوەی زیادکردنی ئاشکرا لە دوو ڕۆژنامەی فەرمی بڵاودەکرێتەوە کە گشت ووردەکاریەکانی تێدا هاتبێت بە گشت خەسڵەتەکانی ئۆتۆمبێل یان ماتۆرسکیلەکان

٣. پرۆسەی زیادکردنی ئاشکرا لە گۆڕەپانی دەست بەسەر داگرتن لە بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان ئەنجام دەدرێت پاش تێپەربوونی ١٥ رۆژ بەسەربڵاوبونەوەی ئاگاداری فرۆشتن لە رۆژنامە

٤.فرۆشتنەکە بە پێ ی یاسای جێ بە جێ کردن ژمارە ٤٠ی ساڵی ١٩٨٠ ی هەمواراکراو دەبێت و نرخی فرۆشراو دەخرێتە حسابێکی تایبەت بە بەرێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ و بۆ هەر ئۆتۆمبێل و ماتۆرسکیلێک دیاری دەکرێت

و به پێ ی لیستێک له بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ بە ئەمانەت لە حساب دادەنرێت لەکاتی داواکردنی خاوەنەکەی بە پێ ی یاسا پێ ی دەدرێتەوە بەمەرجێک خاوەنداریەتیەکەی بسەلمێنێت

٥.پرۆسەی زیادکردنی ئاشکرا دەست پێ دەکات بە (٦٠%) نرخی خەملێدراو و بۆ ئەو کەسە دەبێت کەبەرزترین نرخ پێ بدات

٦.ئەگەر نرخی فرۆشتن نەگەیشتە (٧٠%)ی نرخی خەملێنراو دووبارە دەخەملێندرێتەوە لەلایەن لێژنە زیادکردنی ئاشکرا دووبارە دەکرێتەوە بەپێ ی ڕێککارەکانی سەرەوە

**مادەی شەشەم :**

ئەگەر لە زیادکردنی ئاشکرا هیچ کریارێک نەبوو و هەموو ڕێککارە یاساییەکانی هاتوو لە یاسای جێبەجێکردنی یاسای ژمارەی ٤٠ی ساڵی ١٩٨٠ی هەموارکراو بەسەرچوو ئەوا زیادکردنی ئاشکرا بە بەردەوامی دووبارە دەکرێتەوە تا دەفرۆشرێت

**مادەی حەوتەم :**

مافی داواکردنی نرخی فرۆشراوی ئۆتۆمبێل و ماتۆرسکیلی دەست بەسەرداگیراو بەفرۆشتنی ئاشکرا دەفەوتێت پاش تێپەربوونی ٥ ساڵ لەسەر فرۆشتنی و نرخی فرۆشراو بە داهاتی کۆتایی بۆ گەنجینەی حکومەت ئەژماردەکرێت

**مادەی هەشتەم:**

١.ئەو ماتۆرسکیل ئۆتۆمبێلە فرۆشراوانەی بە زیادکردنی ئاشکرا تۆمار ناکرێن ئەگەر بێ تۆماربوون ، ئەوانەی ۆمارکراون تۆمارەکانیان هەڵدەوشێتەوە وەک ئۆتۆمبێلی هەڵوەشاوە دەفرۆشرێت و پێش ڕادەست کردنی بۆ کریار لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ دەبڕدرێنەوە بۆ دوو پارچە لەسەر ئەرکی کریار ئەگەر نەشیاو بێت بۆ بەکارهێنان

٢. ئەگەر ئوتومبیل یان ماتۆرسکیلی فرۆشراو شیاوبێت بۆ بەکارهێنان بەپێ ی ڕاپۆرتی لیژنەی پشکنین ئەوا تۆمار دەکرێت بە پێ ی ڕێنماییەکانی هاتووچۆ ئەگەر تۆمار نەکرابن بەڵام ئەگەر تۆمار کرابن تۆمارەکانیان دەگوازرێتەوە بۆ کرپاری نویێ.

**نۆیەم:**

١. گشت خەرجیەکانی بڵاوکردنەوەی زیادکردنیئاشکرا لە ڕۆژنامە دەکەوێتە ئەستۆی کریار
٢. هەرکەسێک ئارەزوویبەشداربوونی لە زیادکردنی ئاشکرا هەبێت دەبێت بری (١٠%) نرخی خەملێنراو وەک بارمتە بە چەکی پەسندکراو پێشکەشی لێژنە بکات

**مادەی دەیەم:**

ئەو ماتۆرسکیل و ئۆتۆمبێلە تۆمارکراوەکان لەپاش فرۆشتنیان و هەڵوەشاندنەوەی تۆمارەکانیان تابلۆی ژمارەکان دەگەرێندرێتەوە بەرێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ دەخرێنە ناو سیستەمی ئەلیکترۆنی پێدانی ژمارەی تابلۆ

**مادەی یازدەیەم:**

گشت سزای سەرپێچیەکانی هاتووچۆ دەکەوێتە ئەستۆی خاوەن ماتۆرسکیل یان ئۆتۆمبێل پێش فرۆشتنی و کریاری نوێ هیچ بەرپرسیاریەتیەکی یاسایی و دارایی ناکەوێتە ئەستۆی ئەگەر تۆمار کرابێت لە تۆمارەکانی هاتوچۆ

**مادەی دوازدەیەم:**

لەسەر گشت بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان ئەم رێنماییانە جێ بەجێ بکەن

**مادەی سێزدەیەم:**

کار بە هیچ رێنمایی و نوسراوێك ناكرێت پاش دەرچوونی ئەم رێنماییە.

**مادەی چواردەیەم:**

ئەم رێنماییانە کاری پێ دەکرێت دوای بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی وقائعی کوردستان.

کریم سنجاری
وەزیری ناوخۆ

**وێنەیەك بۆ:**

- سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران / بۆ زانین لەگەڵ رێزدا
- ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان/ بۆ زانین لەگەڵ رێزدا
- گشت وەزارەتەکان و لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت (                ) لەگەڵ رێزدا
- دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان/ بۆ ئاگاداری لەگەڵ رێزدا
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش - هەولێر/ بۆ ئاگاداری لەگەڵ رێزدا
- وەزارەتی داد/ رۆژنامەی وەقایعی کوردستان بۆ بڵاوکردنەوەی تکایە لەگەڵ رێزدا
- گشت پارێزگاکان و ئیدارەکانی هەرێمی کوردستان/ لەگەڵ رێزدا
- گشت فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەت
- ب.گشتی هاتووچۆ/ بۆ کاری پێویست لەگەڵ رێزدا
- فەرمانگەی یاسایی
- پلاندانان
- خولاو